# مێرگەسۆر..


# تا ئێستا نەتوانراوە زەوی بۆ کەس و کاری ئەنفالکراوان دابین بکرێت

مێرگەسۆر یەکێکە لەو قەزایانەی کە پێش ساڵی ١٩٩١ لەلایەن رژێمی بەعسەوە بەتەواوەتی خاپوور کراو خەڵکەکەشی بۆ شارو شارۆچکەو کۆمەڵگا زۆرەملێیەکان راگوازرانەوە، لەدوای ساڵی ١٩٩١ دەستکرا بە ئاوەدانکردنەوەی مێرگەسۆر، کە سەنتەری قەزاو ناحیەکانی (بارزان و مەزنێ و شێروان و پیران و گۆڕەتوو و ٢٦٠ گوند) لەخۆ دەگرێت و تا ئێستا ١٧٦ گوندی ئاوەدانکراونەتەوە، لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووانی بۆ زیاتر لە ٥٣ هەزار کەس ئەو پرۆژانەی ئەنجامدراون بەپێی کاولکاری سنوورەکەو پێداویستی خەڵکەکە نییە، هەر بۆیە خەڵکی قەزای مێرگەسۆر لەکەمی و خراپیی هەندێ کارو پرۆژەی خزمەتگوزاریی گلەیی و گازندەیان لە حکومەت، تیمی گۆڤاری گوڵان سەردانی قەزای مێرگەسۆری کرد و لەنزیکەوە لەناو سەنتەری قەزاکەدا چەند هاووڵاتییەکی دواند کە هەر یەکە گلەیی لەبوارێکی خزمەتگوزاری هەبوو، لەپاشان ئەو داواکاری و گلەییانەیان و چەند پرسیارێکی دیکەمان لە(خۆشەوی خلیل) قایمقامی قەزای مێرگەسۆر کرد، لە پوختەی وەڵامەکاندا ئەو راپۆرتە دەخەینەڕوو.




















### کێشەو کەموکوڕی خزمەتگوزاری

سەبارەت بەکارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان هاوولاتیانی مێرگەسۆر پێیان وابوو لەچەند ساڵی رابردوودا چەندین کارو پرۆژە لەو سنوورە ئەنجامدراوە، بەڵام لە زۆر بواردا کەموکوڕی و کێشە هەیە، لەمبارەیەوە هاوولاتی (خەلیل ئەحمەد) ئاماژەی بەوەدا گەرچی چەندین پرۆژە لەم دەڤەرە ئەنجامدراوە، بەڵام لەبواری ڕێگاوبانە سەرەکییەکان و ڕێگای گوندەکان کەموکوڕی زۆر هەیە تەنانەت ڕێگای گەلی ئەشکەفتێ کە بەهۆی لافاوەوە تێکچووبوو تا ئێستا نۆژەن نەکراوەتەوە، هەروەها ڕێگای زۆربەی گوندەکان بەپێی پێویست نییە..)، ئەمەو سەرەرای ئەم کێشانە، بەڵام زۆر پرۆژە لەرووی کوالێتییەوە گرفتیان هەیە،لەمبارەیەوە هاوولاتی میرزا محەمەد گوتی: ئەو پرۆژانەی بۆ قەزای مێرگەسۆر ئەنجامدراون بەپێی پێویستی و داواکاری ئێمە نین و هەندێ پرۆژەش کەموکوڕیان تێدایە..).

سەبارەت بەبواری تەندروستی کە بەپێی پێویست بایەخ و گرنگی بەم کەرتە نەدراوە، هاوولاتی باقی حوسێن پێی وابوو دروستکردنی نەخۆشخانە تەنیا بینایە نییە، بەڵکو دابینکردنی پزیشکی پسپۆڕو کارمەندی شارەزاو ئامێری پێشکەوتووشە، لەم رووەوە گوتی:( نەخۆشخانەی مێرگەسۆر لەئاست پێداویستی نییە، هەر بۆیە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا دەبێت نەخۆش سەردانی شاری هەولێر یا سۆران بکات بەتایبەتی ئافرەتانی دووگیان و حاڵەتەکانی نەشتەرگەری). سەبارەت بەبواری پەروەردەش هاوولاتی فاروق فوئاد گوتی: (کەموکوڕیی زۆر لە نەبوون و کەمیی مامۆستای وانە زانستییەکان هەیە)، هەر لەم رووەوە مامۆستایەك لە ناو سەنتەری قەزاکە گوتی:( پێویستە حکومەت و وەزارەتی پەروەردە خەمی جیدی لە چارەسەری کێشەکان بخۆن بە تایبەتی لە دامەزراندنی مامۆستای وانە زانستییەکان و ئینگلیزی. هاوولاتییەکی دی کە خەڵکی گوندی سەردەریان بوو گوتی:( لەم گوندەدا قوتابخانەمان نییەو قوتابییەکانمان بۆ خوێندن دەچنە ناحیەی شێروان). ئەمەو سەبارەت بەجوانکاری و گرنگیدان بە باخچەو پارکەکان،هاوولاتی هەندرێن رەشید ئاماژەی بەوەکرد کە مێرگەسۆر پێویستی بە باخچەو پارکی گشتی و یاریگای منداڵان هەیە، هاوکات شەقامە سەرەکی و ناوخۆییەکان پێویستیان بەوە هەیە دارودرەختی زیاتریان لێ بچێنرێت)،. هاوولاتییەك بەناوی نیهاد شەریف کەخەریکی خانوو دروستکردن بوو پێی راگەیاندین کە کێشەی نەبوونی تاپۆی زەوی و خانووەکانمان هەیە، هەروەها لەبارەی شێوەو شوێنی فڕێدانی زبڵەکە زۆر خراپ و نەگونجاوە و لەسەنتەری قەزاوە نزیکە .)

> **هاوولاتیان : لەبەر نەبوونی خزمەتگوزاریی تەندروستی روو لە سۆران و هەولێر دەکەین**

لەدرێژەی سەردانەکەماندا ژمارەیەك لە هاوولاتییان باسیان لە پەراوێزخستنی ناوچەکەیان کرد لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە کە بەپێی پێویست گرنگی بەسنوورەکە نەدراوە، ئەمە جگە لەوەی کارو ئیشەکانی فەرمانگەکان کارا نییەو بگرە زۆربەی فەرمانگەکان بینایەیان نییە.

**داواکاری هاوولاتییان و چەند پرسیارێکی دیکەمان ئاراستەی قایمقامی مێرگەسۆر کرد، کە بەراشکاوی وەڵامی هەموو پرسیارەکانی داینەوە و پووختەی وەڵامەکانی لێرەدا بڵاودەکەینەوە.**

### مێرگەسۆر نەخشەی بنەڕەتی نییە

سەرەتا سەبارەت بە هەبوونی ماستەرپلان و کوژاندنەوەی زەوی بۆ بەرفراوانکردنی سنووری شارەوانی و نیشتەجێبوون، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر گوتی: ( لەسنووری قەزای مێرگەسۆر پرۆسەی کوژاندنەوەی زەوی بەهیچ شێوەیەك ئەنجام نەدراوە، بەڵام لەساڵی ٢٠١٠ رووپێوییەك لەلایەن لیژنەیەکەوە ئەنجامدرا بۆ ئەو شوێنانە کە شارەوانییان تێدایە بۆ ئەوەی بتوانن تەسویەی زەویەکانیان بکەن، قەزای مێرگەسۆر نەخشەی بنەڕەتی نییە، بەڵام ئێستا دوو پرۆژەی ماستەرپلان بۆ سەنتەری قەزای میرگەسۆر و بلێ لە قۆناغی جێبەجێکردندان، ئێمە وەکو یەکەی ئیدارەی قەزاو لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە کێشەی زەویمان هەیە بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاری، ئێستاکەش کێشەی دابینکردنی زەویمان هەیە بۆ دروستکردنی چەند یەکەیەکی نیشتەجێبوون کە لەلایەن حکومەتەوە بۆ سەنتەری قەزاکە دەرچووە کە ئەو یەکە نیشتەجێبوونەش ٧٢ یەکەیە خۆی لە ٦ باڵەخانەوە دەبینێتەوە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوونە بۆ هەژاران و کەمدەرامەتانی قەزاکەK بەڵام ئێستا بریارە لەبەر نەبوونی زەوی لەم ٦ باڵەخانەیەدا ٣ باڵەخانەیان لەسەنتەری بلێ و ٣ باڵەخانەشیان لە سەنتەری مێرگەسۆر دروست بکەین.

> **کێشە لە شوێن و شێوەی فڕێدان و خۆڕزگارکردنی زبڵ هەیە. کە نزیکە لەسەنتەری قەزا**



قایمقامی قەزای مێرگەسوور بۆ(گوڵان):

# ئەو خەڵکەی لە ئەنجامی لافاوەکە زیانیان لێکەوت تا ئێستا قەرەبوو نەکراونەتەوە

**کەرتی تەندروستی**

سەبارەت بە گرفتی کەرتی تەندروستی و چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەو لایەنە گرنگە قایمقامی مێرگەسۆر گوتی:( چارەسەری کێشەو گرفتەکانی نەخۆشخانەکە داواکاری زۆربەی هاووڵاتیانی ناوچەکەیە، هەرچەندە نەخۆشخانەیەکی ٧٠ قەرەوێڵەیی لە بلێ دروستکراوە، بەڵام ئەویش نەکەوتۆتە بواری کارکردن، ئەو نەخۆشخانەی ئێستا لە سەنتەری قەزاکە هەیە بۆ کاتی خۆی و چەند ساڵێك باش بوو، هەر بۆیە ئەو نەخۆشخانەیە ئێستاکە ناتوانێت پێداویستییە تەندروستییەکانی ناوچەکە بەپێی پێویست چارەسەر بکات، هەر بۆیە ئێستاکە زۆربەی حاڵەتەکانی نەخۆش ڕەوانەی نەخۆشخانەی شاری هەولێر و سۆران دەکرێن. لەلایەکی دیکەوە لەساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ بڕیاربوو ئەو نەخۆشخانەیە تێکبدرێت و سەر لەنوێ بە دیزاینێکی دی بەرفراوان و هاوچەرخانە دروست بکرێتەوە، بەڵام ئەو کات لەبەر نەبوونی شوێن و ڕووبەرێکی زەوی پێویست، نەتوانرا ئەو کارە ئەنجام بدرێت و ئێستاش داوامانکردووە پاش کردنەوەو ئیشکردنی نەخۆشخانەی بلێ، نەخۆشخانەکەی سەنتەری قەزای مێرگەسۆر تێکبدرێت و سەر لە نوێ دروست بکرێتەوە).

**بینایەی قوتابخانەی گوندەکان کۆنن**

سەبارەت بە کێشەی پەروەردە قایمقامی قەزای مێرگەسۆر گوتی:( لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان قوتابخانەشیان بۆ دروستکراوە، بەڵام ئەو بینایانە زیاتر شەش پۆلی بوون و هەندێ قوتابخانەی دیکەیش بە شێوەی کاتی لە گوندەکان دروست کرا کە دوو ژووری بوون و سەری بینایەکانیش خۆڵ بوو، بەڵام ئێستاکە سیستەمی خوێندن لە هەرێم گۆڕاوە و پێویستیان بە بینایەی ٩ پۆلییە، هەروەها کێشەی کەمیی مامۆستا بەتایبەتی مامۆستای وانە زانستییەکان لە قوتابخانەکانی قەزای مێرگەسۆر هەیە، هەروەها بەهۆی نەبوونی هەموو قۆناغەکانی بنەڕەتی لە گوندەکان زۆر قوتابی لە خوێندن دابڕاون).

**فڕێدانی زبڵ و خاشاک**

سەبارەت بە کۆکردنەوە و خۆرزگارکردن لە زبڵوخاشاك، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر روونی کردەوە کە پاککردنەوە و فڕێدان و خۆرزگارکردن لەزبڵوخاشاکی سنوورەکە بە کۆمپانیای کەرتی تایبەت دراوە، بەڵام کێشەمان لە شوێن و شێوەی فڕێدان و خۆ ڕزگارکردن لە زبڵەکە هەیە کە نزیکە لەسەنتەری قەزا و لەکاتی سووتاندن و ئاگرگرتنی زبڵەکە ژینگەی سنوورەکە پیس دەبێت، ئێستاکە لەهەوڵی ئەوەداین شوێنێکی دوورتر بدۆزینەوە بۆ فڕێدانی زبڵوخاشاکەکە.

**بەهۆی نەبوونی هەموو قۆناغەکانی بنەڕەتی لە گوندەکان زۆر قوتابی لە خوێندن دابڕاون**

**نەخۆشخانەیەکی ٧٠ قەرەوێڵەیی لە بلێ دروستکراوە، بەڵام نەکەوتۆتە بواری کارکردنەوە**

**ڕێگای گەلی ئەشکەفتێ**

سەبارەت بەڕێگای گەلی ئەشکەفتێ کە بەهۆی لافاوەوە تێکچوو و خەڵکیش تێیدا زیانمەندبوون کە بڕیاربوو قەرەبوو بکرێنەوە قایمقامی مێرگەسۆر ئاماژەی بەوەکرد کە چاککردنی ئەو ڕێگا سەرەکییە دراوە بەبەڵێندەر و ئێستاکە لە قۆناغی جێبەجێکردندایە، بەڵام ئەو خەڵکەی لە ئەنجامی لافاوەکە زەرەرمەندبوون تا ئێستاکە قەرەبوو نەکراونەتەوە و ئەو زەرەروزیانەی هەیە بۆ قەرەبووکردنەوە بەنووسراو بەرز کراوەتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و چاوەڕوانی وەڵامی ئەوانین. هەروەها بۆ سەنتەری قەزاکە لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەشێك لە جوانکاریی شەقام و ڕێگاکان و شۆستەکان ئەنجامدراوە بەتایبەتی بۆ مێرگەسۆری خوارێ و مێرگەسووری سەرەوەش دەگرێتەوە لە قۆناغی تەندەردایە، بەڵام لەتۆڕی ڕێگاوبانی گوندەکاندا گرفتمان هەیە، چونکە چەند جارە ڕێگای سۆران – مێرگەسۆر چاك دەکرێتەوە لەپاشان دووبارە کێشەو کەموکوڕی لێ دروست دەبێت، بۆ چارەسەرکردنی گرفتی



ڕێــگای گوندەکان لەبەرنامــەی کاری ٢٠١٠دا نزیکــەی ٣٠ گوند ڕێگاکانیــان چاك و چەوڕێژ کراون و دوو ساڵیشە لەســەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر چاککردنی ڕێگاوبانی گوندەکان لە ڕیزبەندی یەکەمی کارو پرۆژەکاندایە.)

### ئاوی مێرگەسۆر

ســەبارەت بە پرۆژەی ئاوی مێرگەسۆر قایمقامی قــەزای مێرگەســۆر گوتــی: پــرۆژەی ئاوی مێرگەسۆر ســتراتیژییە جگە لە چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی سەنتەری قەزاکە و ناحیەی مەزنێ و گۆڕەتوو و ناحیەی پیران و شــێروان و کێشــەو گرفتی ئاو بۆ ٧٥ گوندی ســنوورەکە چارەســەر دەکات، ئێســتاکە کار لەپرۆژەی ئاوەکە دەکرێت، هاوکات بۆ ناحیەی شــێروان پــرۆژەی ئاویان بۆ چــووە تەنیا چەنــد گوندێکیان مــاوە، هەروەها پرۆژەیەکــی دیکــەی ئاو ئێســتاکە لە قۆناغی تەندەردو لە وەزارەتی شــارەوانییە کە گرفتی ئاوی خواردنەوەی ٥١ گوندی سنووری ناحیەی بارزان چارەســەر دەکات کە ئاو لە زێی شــین لە دۆڵی باڵندەوە دەهێنێت.

### پرۆژەکانی ئاوەڕۆ

ســەبارەت بە گرفتی ئــاوەڕۆ، قایمقامی قەزای مێرگەسۆر ئاماژەی بەوەکردوو گوتی:( سنووری قەزای مێرگەسۆر بە ســەنتەری قەزاوە پێویستی بە پرۆژەی ئاوەڕۆ هەیە و تا ئێســتاکە لەمبارەوە کەمترین ئیشــی بــۆ کراوە، لە ناحیــەی بلێ و گۆڕەتــوو و هەندێ شــوێن ئاوەڕۆیــان هەیە لە سەنتەری قەزاو ناحیەکانی دی یەك مەتر ئاوەڕۆ ئەنجــام نەدراوە، لەم ڕووەوە لەنــاو ناحیەی بارزان و دۆڕێ و ئــەو کەندو چەمەی بەناو ســەنتەری مێرگەسۆردا دەڕوات ئاوەڕۆیان پێویستە).

## بۆ دروستکردنی چەند یەکەیەکی نیشتەجێبوون کێشەی دابینکردنی زەویمان هەیە

### بنکەی گەشتوگوزار

ســەبارەت بــە کارو پرۆژەکانی گەشــتوگوزار قایمقامی قەزای مێرگەســۆر گوتی:( لە ڕووی گەشــتوگوزارەوە تەنیا چەند کەپرێکی بێ ســەر دروست کراون کە خەڵك بۆ خۆیان سەریان داپۆشیوە، لایەنی پەیوەندیدار لە دەستەی گەشتوگوزار هیچی بــۆ نەکردووە و فەرامۆشــی کــردووە. لەلایەکی دیکەوە لە ســاڵی ٢٠١١دا بنکەی گەشتوگوزار لە قەزای مێرگەسۆر دامەزراوە و تەنیا بەڕێوەبەرو یەك فەرمانبەری هەیە. لەڕووی شوێنەواریشــەوە کار لە ئەشــکەوتی شانەدەر دەکرێت و هەوڵدەدرێت لەسەر ئاستی دنیادا بناسرێت و گەشت و سەردانی بۆ بکرێت.

### ژینگەو سروشت

لــە کۆنەوە ســنووری قەزای مێرگەســۆر بەوە بەناوبانگــە کە ڕاوکردنی باڵنــدەو ئاژەڵی کێوی لێ قەدەغەیە و گرنگی زۆر بە پاراستنی ژینگە دەدەن، لەمبــارەوە قایمقامی قەزای مێرگەســۆر گوتــی:( خەڵکی ئەو ناوچەیــە زۆر گرنگی بە پاراستنی ژینگە دەدەن و ڕاوکردنی باڵندە و ئاژەڵی کێوی بەهەر بیانوویەك بێت قەدەغەیە، خەڵکی ئەو ناوچەیــەش زۆر پابەندی ئەو کلتورەن و ڕێزی لێ دەگرن و بگرە کوشتنی ئاژەڵ و باڵندەکان بەگوناه دەزانن).

### زەوی و خانوو بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان دابین نەکراوە

ســەبارەت بەوەی چی بۆ بنەماڵەی ئەنفالکراوان کراوە قایمقامی قەزای مێرگەســۆر گوتی:( بۆ کــەس و کاری ئەنفالکراوانی ســنوورەکەمان تا ئێستاکە نەمانتوانیوە زەویان بۆ دابین بکەین و تاکە یەك خانووشیان بۆ دروست نەکراوە، هەر چەندە لە بەرنامەی ساڵی ٢٠١١ دا دروستکردنی ٤٠٠ خانوو هەبوو، بەڵام ئــەوەش جێبەجێ نەکراوە و هۆکاری ســەرەکیش نەبوونــی زەوی بــووە، چونکە وەکو ئاماژەمان پێدا دابینکردنی زەوی لە ســنوورەکەدا زۆر زەحمەتە و ئەوانەی نیشتەجێی شاری سۆران لەوێ زەویان وەرگرتووە).

لەکۆتاییــدا قایمقامــی مێرگەســۆر گوتی:( ئەگەر بەرنامەو بودجــەی پەرەپێدانی پارێزگاکان نەبوایە ئــەوە بارودۆخی قەزاو ناحیەکان لەڕووی پــرۆژە خزمەتگوزارییــەکان زۆر خــراپ دەبوو. ئەمســاڵ لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکاندا بۆ قەزا ســنوورییەکان بودجەیەکــی تایبەت دانراوە، لەم بودجەیەشــدا بڕی ١٠ ملیــار دینار بۆ کارو پرۆژەکانی قەزای مێرگەسۆر تەرخانکراوە.

